# بۆ بەرگرتن لە سەرکوت و بەرگری لە ئازادی دەنگتان هەلبرن! ... ریبوار ئەحمەد

دکتور کمال قادر دەبێت دەستبەجێ ئازادبکری!
توندبونەوەی هیرش و پەلاماری بەربلاوی حیزبە دەسەلاتدارەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆسەر ئازادی سیاسی و ئازادی رادەربرین، سەرکوتی هەموو دەنگیکی مخالف و نارازی بە سیاسەت و دەسەلاتی ئەم حیزبانە، خەریکە وەکو بورکانیکی پەنگخواردو بەروویاندا دەتەقیتەوە. نارەزایەتی دژی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی چەندین سالەی ئەم حیزبانە، دژی سەرکوتی خۆپیشاندانی خەلکی کەلارو ئاکری، خەریکە لە مەسەلەی دەستگیرکردن و بێ سەروشوینکردنی دکتۆر کمال قادردا دەبیتە شەپۆلیکی بەگژاچونەوەی ئەو دیوەزمەی سەرکوتەی کە چەند سالە بالی بەسەر ئەم کۆمەلگایەدا کیشاوە. تەنانەت زۆریك لەو رۆشنبیرانەی کە تا ئیستا باوەریان بە فروفیشالی دیموکراسی ئەم حیزبانەو قەلەم بەدەستەکانیان هینابوو، خەریکن لە خەوی خۆشباوەری رادەچلەکین و پەردە لەسەر سەرکوتی ئیستاو ئایندەی ئەم حیزبانە هەلدەدەنەوە.
هاوکات لەگەل ماهیەتی سەرکوتگەرانەی ئەم حیزبانە و ناکۆکی لە ئاشتی نەهاتویان لەگەل ئازادی، ئەمرۆ کۆمەلیك هۆکاری تازە سەریان هەلداوە بۆ توندبونەوەی سەرکوتی ئەم حیزبانە، نارەزایەتی فراوانی جەماوەری دژی راورووت و تالانبرۆو گەندەلی دەسەلاتی ئەم حیزبانە، نارەزایەتی لە سیناریۆ جۆراوجۆرەکانیان بۆ هەراجکردنی خواست و ماف و دەسکەوتەکانی خەلکی کوردستان لە پیناو مەرامە کۆنەپەرستانەکانی خۆیاندا، ریسوا بوونی پرۆژەی ئەمریکا بە ناوی "ئازادی و دیموکراسەکردنی عیراق"، شکستی گالتەجاری ریفراندۆم بۆ سەپاندنی دەستوری فاشیانەی قەومی-ئیسلامی بە تایبەت لە کوردستان، هەموو ئەمانە ئەم حیزبانەی بەو باوەرە گەیاندوە کە دەبی لە پیناو ملدانەواندن بەم خەلکە نارازیە، مایەیەکی گەورەتر لەسەر سەرکوت دابنین.
بۆیە هاوکات لەگەل ئەوەی تالەبانی و بارزانی بە وولاتانی دنیادا دەگەرین و لافی ئازادی و دیموکراسیخوازی لیدەدەن، دەزگا سەرکوتگەرەکانی زانیاری و پاراستن و ئاسایش بە فراوانی خەریکی راونان و گرتن و بێسەروشوین کردنی خەلکی نارازی و ئازادیخوازو مخالفی ئەم حیزبانەن.
هاوکات لەگەل ئەوەی سەرانی ئەم حیزبانە لە شاشەی تەلەفزیونەکان و دەزگاکانی پروپاگەندەوە هەراوهوریا بۆ بەرقەراری ئازادی و "سەرکەوتنی تەجروبەی دیموکراسی" دەکەن، لە ژیرەوە دەزگاکانی سەرکوتیان دەخەنەکار بۆ لە خوینهەلکیشانی نارەزایەتی خەلك و گرتن و شکەنجەدان و فراندنی هەرکەسیك کە رەخنەیان لی بگریت. جەلال تالەبانی لە ماوەی ئەم مانگەدا بە دوو فەتوا، دەیان هەزار خیزانی خەلکی کەرکوکی بە خیانەتکارو ملیونەها خەلکی دژ بە سیناریۆی داسەپاندنی دەستوری، بە تیرۆریست تاوانبار کرد. خەلکی کوردستان هەزارجار حەقیانە کە لیکچونیکی گەورە لە نیوان سیاسەت و رەوشتەکانی بەعس و ئەم حیزبانەدا دەکەن.
لە راستیدا ئەم حیزبە ناسیونالستە عەشیرەتیانەو کۆمەلگای مودیرن و پر ئاوات و ئارەزوی پیشکەتوانەی کوردستان بە خیرایی رەوتی لیکدورکەوتنەوەو لیکدابران دەپیون. هەموو رۆژیك ناکۆکی قول و هەمەلایەنەی بزووتنەوەی کوردایەتی و حیزبەکانی لەگەل خواست و ویستی خەلك بەرجەستەتر دەبیتەوە. ناکۆکیەکە تەنها لە دژی ئازادی بوون و سەرکوتگەری ئەم حیزبانەدا نیە، تەنها لە تالانچیتی و راوروت و گەندەلیدا نیە، تەنها لە سیاسەتی کۆنەپەرستانەو سیناریۆی کارەساتبارو دەست تیکەلکردن لەگەل دژی ئینسانی ترین و رەشترین هیزەکانی عیراق و ناوچەکەو جیهاندا نیە، تەنها لە هەراج کردنی خواست و ئامانجەکانی خەلکدا نیە، بەلکو ناکۆکی و دژایەتیانە لەگەل ئینسانیەت، لەگەل پیوانە مەدەنیەکان، لەگەل مافە سەرەتایی و مەدەنیەکانی کریکاران و ژنان و لاوان و مندالان و جەماوەری تینوی ژیانیکی شایستە بە ئینسانی هاوچەرخدا.
سەرکوتی خەلکی نارازی و خواستە رەواکانی خەلك، فتواکانی ئەم ماوانەی تالەبانی لە دژی خەلکی کەرکوك و خەلکی کوردستان، گرتن و بردن و زیندانی کردنی کەسانی مخالف، بێ

سەروشوینکردنی دکتۆر کمال محمد. . . چەند نمونەی تازەن کە دەچنە سەرخەرمانەی تاوان و پەلامارەکانی ئەم حیزبانە بۆ سەر ئازادی لە دەیان سالی رابردوودا. تیرۆری نەزیر عمرو ریناس و یلاح هەورامی و فرهاد فرج و بکر علی و شاپور عبدالقادرو قابیل عادل و تاوانە خویناویەکی 14ی تموزی 2000 لە دژی حیزبی ئیمە، چەند دلۆپیگن لەم دەریای تاوانە. هەموو ئەمانە هیچ حەقانیەت و مەشروعیەتیك بۆ ناسیونالیزم و حیزبەکانی ناهیلنەوە، ئەمانە بەلگەی ئەوەن کە هەموو سیاسەت و سیناریۆیەکی ئەم حیزبانە بێبەریە لە هەموو حەقانیەت، بەلگەی ئەوەن کە فروفیشالی یاسایان جگە لە فریوکاری و دانانی قەیدو بەند بۆ غەیری خۆیان و مخالفی خۆیان هیچی تر نیە، بەلگەی ئەوەن کە هەلبژاردن و ریفراندۆم و لافی دیموکراسی و ئازادیان پوچ و گالتەجاریە و هەرکەس دەنگیان پینەدات لەکار دەری دەکەن، ئەوەی لەگەلیان نەبیت نانی دەبرن، ئەوەی مخالفیان بیت بێ سەرو شوینی دەکەن. ئەمە بەشیك لە بنەمای داستانی بەرامبەرکێی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریە لەگەل ئەم حیزبانە لە چەند سالی رابردوودا.

ئەمرۆ خەریکە ئەم راستیانە بە نرخیکی گران بۆ خەلك روون دەبیتەوە. بەلام تەنها تورەیی و پەردەهەلمالین لە رووی دزیوو سەرکوتگەرانەی یەکیتی و پارتی بەس نیە. لە رابردوودا چونەسەری هەر کاریکی تیرۆریستی و سەرکوتگەرانە بۆ ئەم حیزبانە، بواری بۆ سەرکوتیان ئاوەلاتر کردوە، بۆیە ئەگەر گیانی کەسیکی وەکو دکتۆر کمال قادر لە ژیر زەختی هاتنەمەیدان و بە خۆکەوتنی بەرەی فراوانی لایەنگری لە ئازادیدا ئازاد نەکریت، ریگادەکاتەوە بۆ بێسەروشوینکردنی سەدان دکتۆر کمالی تر. ئەم مەسەلەیە نابی بە ئاسانی بەسەر ئەم کۆمەلگایەدا تیپەریت. بەلام بەرگرتن لەم لیشاوی سەرکوتە، لە هەلنگاوی یەکەمدا لە گرەوی لیدانی سەنگەریکی گەورەو مەحکەمە بۆ بەرگری لە ئازادی سیاسی، لە گرەوی تیکشکاندنی گشت سیاسەتی سەرکوتگەرانی یەکیتی و پارتیدایە، ئەم حیزبانە دەبی ناچار بکرین بە ملدان بە ئازادی، ناچار بکرین بە تەحەملکردنی رای مخالفی خۆیان، ناچار بکرین بە دەست هەلگرتن لە راونان و تیرۆرو سەرکوت و فراندنی خەلك، ناچاربکرین بە پابەندبوون بە پیوانەو یاسا مەدەنیەکان.

خەلکی ئازادیخواز! رۆشنبیرانی ئارازادیخواز، لایەنگرانی ئازادی!

لایەنیکی زەق و بەرجەستەی داستانی دەیان سالەی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە شاخ و لە شار سەرکوتی سیاسی و لە ژیرپینانی ئازادیە سەرتاییەکان و تیرۆرو پارچەپارچەکردن و بێسەروشوینکردنی مخالفین و نەیاران و تەنانەت نارازیانی ناو ریزەکانی خۆشیان بووە. میژوو ئەو راستیەی دەیان جار دوپاتکردوەتەوە کە خۆشباوەری بە فروفیشالی کوردایەتی و چاوپۆشین لەم تاوانکاریانە بە پاساوە جۆراوجۆرەکانی کوردایەتی، هەتابیت کارەساتەکە قولترو قوربانیەکان زیاتر دەکات. ئیتر کاتی ئەوەیە بە ریزی فراوان لەدژی دیوەزمەی سەرکوت و بۆ بەرگری لە ئازادی راپەرین. وەلانانی ئەم دیوەزمەیە هیزو هاتنەمەیدان و دەنگهەلبرینیکی گەورەی دەوێ بۆ ئەوەی، هاوکات لەگەل خواستی ئازادکردنی دەستبەجێی دکتۆر کەمال، ئازادی بیقەیدوشەرتی سیاسی لە کوردستاندا بەرقەرار بکات و بوار بۆ قاچاغ کردنی هیچ حیزبیکی سیاسی، هیچ کۆمەلە و ریکخراوەیەکی جەماوەری، هیچ رۆژنامەو رادەربرینیك، وە هیچ کۆروکۆبونەوەو خۆپیشاندانیك نەهیلیتەوە.

سەرتای نۆڤەمبەری 2005